مامۆستایەکی زمانی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سزای دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا

مامۆستایەکی زمانی کوردیی خەڵکی شاری سنە بە ناوی "سەما پوور مەحەممەدی" لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە 10 ساڵ زیندانی و دوورخراوە بە بەندیخانەی کرماشان سزادرا.

سەما پوور مەحەممەدی، کە مامۆستای زمانی کوردیی و هاوکات ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی "نەژینە"ـە، بە تەمەتی "پێکهێنانی دەستە و گرووپ بە مەبەستی تێکدانی ئەمنییەتی ئێران" ئەو سزایەی بەسەردا سەپێنراوە.

شایەنی باسە، ئەو مامۆستایە پێشتریش بە تەمەتی "تێکدانی ئاسایشی گشتی ئێران" بە ساڵێک زیندانی سزا درابوو.